پ1/ پێناسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بکە وپاشان باس لە قۆناغی دوای بەرهەمهێنان بکە و گرنکی چیە بۆسەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا.

پ2/ باس لە ئەرک و فەرمانەکانی گرنگترین ستافی بەرهەمێنانی تەلەفزیۆنی بە نموونە بکە.

پ3/ ئەگەر لەلایەن سەرۆکایەتی بەشی راگەیاندن داوات لێکرا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر یادی رۆژنامەگەری کوردی ئامادە بکەی. چ پێویستە بۆ ئەم مەبەستە.

پ4/ پێناسەی هەر یەک لەمانەی خوارەوە بکە:

- بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی.
- دەرهێنانی تەلەفزیۆنی.
- دەرهێنەر
- بەرهەمێنەر.
- سیناریۆنووس(سیناریست).
- فیجەر.
- ستۆری بورد.

پ5/ قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بژمێرە و باس لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنان بکە.

پ6/ جیاوازی نێوان مونتاژ و دۆبلاژ و میکساج بکە.

پ7/ ئەرک و فەرمانەکانی ئەمانەی خوارەوە روونبکەرەوە:

- دەرهێنەر
- سیناریۆنووس (سیناریست)
- بەرپرسیاری تەکنیک

پ9/ باس لە بەبازارکردن و رێکلام لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بکە.

پ10/ رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی چین؟ بەکورتی باسیان بکە.

پ11/ قۆناغی پێش بەرهەمهێنانی تەلەفریۆنی لەچ پێکدێت و گرنگی چیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا ؟

پ12/ پێناسەی مۆنتاژ بکە و ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێت پێویستە چ مەرجێکی تێدا هەبێت؟

پ13/ پێناسەی سیناریۆ بکە و پاشان باس لە لەو کەسە بکە کە ئەو ئەرکە لەئەستۆ دەگرێت و سیماکانی چین؟

پ14/ رۆلی کاریگەرییە دەنکی و رەنگییەکان لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی روون بکەرەوە.

پ15/ ستودیۆی تەلەفزیۆنی چیە؟ چەند جۆری هەیە؟ و ئەو مەرجانە چین کە دەبی لە بونیادنانی ستودیۆ رەچاو بکرێت؟ گرنکترین بەشەکانی لەرووی تەکنیکیەوە چین؟

پ16/  مۆنتێر گێیه؟ ئەرکەکانی چیین؟

پ17/ سیناریۆک بۆ ریکلامێکی تەلەفزیۆنی ئامادە بکە.

پ18/ چەند جۆر میکسەر هەیە؟ ئەرکیان چیە؟ بەنموونەوە روونیبکەرەوە.

پ19/ ستودیۆی تەلەفزیۆنی لەچەند بەش پێکهاتووە؟ ئەو پێکهاتە سەرەکییانە چین کە نەبوونی لە ستۆدیۆ گرفتی جۆراوجۆر بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دروست دەکەن.

پ20/ ئامێری ئۆتۆکیو چیە؟ چەندە خزمەتی بە  پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی کردووە بەنموونە روونیبکەرەوە.

پ21/ مۆنتاژ چیە؟ چەند جۆری هەیە؟ و گرنگی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی  دیاری بکە.

پ22/ ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی؟

پ23/  باس لەسیفەتەکانی ئەو کەسایەتییانەی کاری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی ئەنجام دەدەن بکە.

پ24/ بیرۆکە یەکێکە لە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی،ئەو مەرجانە چین کە پێویستە لە بیرۆکە هەبن.

پ25/  بۆچی دیارکردنی جەماوەری بە ئامانجکیراو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی گرنگە؟

پ26/ پێویستە پێش دەستکردن بە ئامادەکردنی هەر بەرهەمهێکی تەلەفزیۆنی رەچاوی کۆمەڵێک بنەما بکرێن، ئەو بنەمایانە بەنموونە باس بکە.

پ27/ پێش دەستپێکردن بە  پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی چ پێویستە بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بیت؟

پ28/  بەبۆچوونی خۆت تا چەند بوونی پەیوەندی لەنێوان بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر  و بەرێوەبەری وێنەگرتن گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی؟ بەنموونە وەڵامەکەت دەوڵەمەندد بکە.

پ29/ تا چەند رازی لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستان؟ ولەبەر چی؟ بەنموونە وەڵامەکەت دەوڵەمەند بکە؟

پ30؟ پێگەی ریکلام لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دیاری بکە.